# پەیوەندی سەرکردەکانی میرنشینە کوردیەکان لەگەڵ دەوڵەتی سەلجوقی


ئامادەکردنی: گەیلان علی سلیم
زاهیر احمد سالح
کۆلێژی :پەروەردەی بنەرەتی/ بەشی :کۆمەڵایەتی/ قۆناغی ٤
بەسەرپەرشتی: پ.ی.د.هلزعنتر ولی


## پێشەکی

مێژووی جیهان بە گشتیی ومێژووی کورد لە نێویشیدا بە چوار قۆناغی وەک (کۆن، ناوەڕاست، نوێ، هاوچەرخ) دا تێدەپەڕێت. ئەم بابەتەی هەڵمان بژاردووە دەکەوێتە قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستەوە، لەناو سەدەکانی ناوەڕاستیشدا تەنها سەردەمی یەکێك لە دەسەڵاتەکانی سەردەمی خیلافەتمان هەڵبژاردووە، کەلە مێژووی ئیسالمدا بەسەردەمی سەلجوقیەکان(٤٤٢-٥٥٢ك/١٠٣٧-١١٩٤) ناسراوە، کە ماوەیەکی گرنگ و مێژووییە بۆ کورد، چونکە هەر لە دوای ڕوخانی )دەوڵەتی ماد(وە تاوەکو ئەو ماوە مێژووییە، کورد نەك دەوڵەتی سەربەخۆی نەبووە، بەڵکو نەیتوانیوە میرنشینێکی نیمچە سەربەخۆیش دابمەزرێنێت، بەڵام لە ئەو ماوەیەوە ئیتر کورد توانیویەتی ببێت بە خاوەنی دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆ و، وردە وردە چەند میرنشینێك دەرکەوتوون. هەندێك لە ئەو میرنشینانە تارادەیەك سەربەخۆبوون و دەسەڵاتیان زۆربەی ناوچە کوردییەکانی گرتوتەوە. وادەردەکەوێت سەلجوقییەکان کاتێك هاتوونەتە سەر دەسەڵات ئەو سیاسەتەیان پەیرەوکردووە، کەوا ڕێگەیانداوە بە زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتیان تا ڕادەیەک کیانی سیاسی خۆیان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گوێرایەڵ و ملکەچیان بن، هەربۆیە هەندێکجار پەیوەندی نێوان سەلجوقیەکان وسەرکردەکانی میرنشینە کوردییەکان شەڕ و ململانێی لێ کەوتوتەوە، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕێتەوە هەندێک لە سەرکردە و میرکانی کورد هەوڵیان داوە لە سیاسەتی ئەوان لابدەن. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەوە ڕوون بکەینەوە کەداخۆ پەیوەندی نێوان سەلجوقیەکان و میرنشینەکان وەك )شەڕ و ململانێ، ئاشتی و ڕێککەوتن) لە چ ئاستێکدابووە؟

## ناوەڕۆك و بەشەکان

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە :

دەروازە :کورتەیەک لەسەر سەلجوقیەکان (٤٤٢-٥٥٢ك/١٠٣٧-١١٩٤)

و چۆنیەتی وەرگرتنی دەسەڵاتیان و ئەو ماوە مێژووییەی کە تێیدا دەسەڵاتیان هەبووە

لە بەشی یەکەم :باس لە پەیوەندی نێوان سەلجوقییەکان و میرنشینە کوردییەکان دەکەین وەک( میرنشيني شه دادي (٣٤٠-٥٩٥ك/٩٥١-١١٩٩ز)

و مەروانی میرنشینی مەڕوانی دۆستەکی (٣٧٣-٤٨٦ك/٩٨٣-١٠٩٣ز)

ومیرنشینی رەوادی (٣٤٣-٤٦٣ك/٩٥٤-١٠٧١)

وە لە تەوەری دوەمدا باس لە (میرنشینی عەنازی (٣٨١-٥١١ك/٩٩١-١١١٧ز)

و میرنشینی هەزبانی (٣٨٧-٥٢٦ك/٩٩٧-١١٣٢ز) دەکەین.

## ئەنجام و ڕاسپاردە

سەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت

1-سلجوقییەکان یەکێک بوون لە بنەماڵە فەرمانڕەواکانی سەردەمی خیالفەتی عەباسی، زیاتر لە سەد ساڵ لەنێو ئەم خیالفەتەدا دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبووە. هەر لەگەڵ وەرگرتنی دەسەڵاتیاندا هەوڵی بە ناوەندیکردنی دەسەڵاتیان نەداوە، بەڵکو ناوچەکەیان لەنێوان ئەندامانی بنەماڵەکەدا دابەشکردووە، بەمەش هەندێک لە نەتەوە جیاوازەکانی ژێر دەسەڵاتی خیالفەت سوودیان لە ئەم سیاسەتەی سەلجوقییەکان وەرگرتووە و دەستیان کردووە بە دامەزراندنی کیانی سیاسی خۆیان، کوردیش یەکێك بووە لە ئەو نەتەوانە و ئەو هەلەی قۆستۆتەوە و لەسەردەمی ئەم بنەماڵە حوکمڕانەدا چەند میرنشینێکیان دامەزراندووە.

2-پەیوەندی نێوان میرنشینە کوردییەکان و سەلجوقییەکان، لە میرنشینێکەوە بۆ میرنشینێکی تر جیاوازبووە، لە وەرگرتنی دەسەڵاتێك لەالیەن میر و فەرمانڕەوایەکی سەلجوقي بەهەمان شێوە بووە. واتە پەیوەندییەکان لەسەر یەك ئاراستە نەڕۆیشتوون، بەڵکو لەگەڵ گۆڕینی میرێك بۆ میرێکی تر و میرنشینێك بۆ میرنشینێکی تر، سیاسەت و پەیوەندیان گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

3-دوای ئەوەی ململانێ کەوتوتە نێو بنەماڵەی سەلجوقییەکان، ئیتر هەندێ لە میری میرنشینەکان دەبوون بە بەشێك لە ئەو ململانێیە، ئەمەش دوای داواکردنی میرێکی سەلجوقي لە میرێکی میرنشینەکان بۆ ئەوەی لە لێدانی براکەی یان مامی یان ئامۆزاکەی یارمەتی بدات، یان هەندێک جار میرنشینەکان لە ئەو ململانێیە دڵادەی هەڵهاتووەکانیان داوە، بۆیە میرنشینەکە دەبوو بە بەشێك لە ئەو ململانێیە دژی یەك تر.

4-لە کۆتاییدا ئەوە ڕووندەبێتەوە پەیوەندی نێوان سەلجوقییەکان و میرنشینەکان هەمەجۆر بووە: وەك شەڕ و ململانێ-ئاشتی و ڕێکەوتن-یارمەتیدانی یەکتر، واتە پەیوەندیەکە بە پێی باردۆخەکە گۆڕانی بەسەرداهاتووە.

## کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

1-سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

2-سەرچاوەکان بە زمانی کوردی

3-لاپتۆپ






الممالك والإمارات الكردية المتمتعة بالحكم الذاتي حوالي عام 1835 (وفقا للدكتور مايكل إيزادي)

## سەرچاوەکان


1-ابن الاثیر: الکامل فی التاریخ
2-البنداري: تاريخ دولة سلجوق
3-ابن خلدون، : تاريخ ابن خلدون
4-الروذراوردی :ذیل کتاب تجارب الامم
٥ -ئاکۆ بورهان محمد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەباسی
٦ -ڕۆژ بەیانی :محمد جەمیل: مێژووی حەسنەوەیهی عییاری